# ئاشبەتاڵ لە ئەورووپاوە..!

**شادان غەریب**

کۆمەڵگەی کوردەواری بەم ناو نیشانەی سەرەوە نامۆ نیە و گوێبیستی بوون ، وەلێ ئێستا کات و شوێن و شێوازی بەکارهێنانەکەی جۆرێکی ترە، لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی کورد کوژیدا پۆلە کۆچەکان بەرەو هەندەران دەستی پێکرد ، هۆکاری کۆچکردنەکە زۆرن هەر لە بێ هیوا بوونی خەڵکانێك بەرامبەر رەوشی نادیموکراتی و دورکەوەتنەوە لە شەڕی نێو خۆو گرانی گوزەرانی ژیان تا بەو خەڵکانەش دەکات کە حیزبەکان وەك دەسکیزی ڕاپۆرت نووس بە مەبەست دەیناردنە دەرەوە، ئەمانە و زویر بوون و دڵگرانی کەسانێکی تر لە حیزبەکانیان بەشێکی تریشن. کوردێکی زۆر لە هەندەران نیشتەجێ بوون جگە لە نیمچە رێخستنێکی حیزبی لە لایەن بەتایبەت حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هیچ بایەخێکیان پێ نەدەدرا ،زۆر جار لە رێی میدیاکانیشیانەوە سوکایەتیان پێدەکرا ئەمە وای کرد هەتا زۆر لەوانەش لەوەو پێش ئەندام بوون لە حیزبە دەسەڵاتدارە حاکمەکاندا بچنە بەرەی ئۆپۆزسیۆن و بگەڕێن لە دوی پۆخڵەواتی حیزبەکانیان و ریسوایان بکەن ، کەسانی سەرکردایەتی حیزبەکان نەك لە پێناوی حیزبەکانیان بەڵکو لە پێناوی زیاتر نەرۆشاندنی کەرامەتی شەخصی خۆیان و ئاشکرا نەبوونی دزی و گەندەڵی و داوێنپیسی و مانەوە و بە نهێنی کردنی ئەو پارە زۆرانەی تەرخانکراوی ئاوەدانی و قەرە بوو کردنەوەی زیانەکانی جەستەیی مادی ئەنفالکراوەکان و شەهیدان و کاولکاریەکانی کوردستان بووەو زۆر لە سەرکردەکان دەیدزن و دەینێرنە بانقەکانی دەرەوە، دەسەڵاتداران پلانێکی تریان گرتە بەر و بە تیرێك کەوتونەتە شکاندنی دوو نیشان یەکەم :کەمکردنەوەی هێزی نارەزایی لە دەرەوە، دووەم ملکەچ پێکردنی ئەوانەی دەرەوە ، چوون هەمیشە دەسەڵاتدارەکان لە ملکەچ پێکردنی بەرامبەرەوە دەکەونە هەوای خۆیان و گەندەڵیەکانیان زیاتر سەردەگرێت. نمونەی ئەو کوردانەی لەدەرەوە خاوەن هەڵوێست بوون و دەم هەراش بوون و پەردەیان لەسەر خراپەکاریەکانی لێپرسراوان لادەدا ، ئێستا سەرەو خوار بونەتەوە و بوونەتە دۆڕاوی دەم پارچەیەك زەوی یان بڕێك پارە، ئەو جۆرە کەسانە تاوانبار ترن لەوانەی دزی گەورە دەکەن، چوون دەبنە داپۆشەر و ماوستاو چیان، ئەو خاوەن هەڵوێستانەی دوێنێ کە لافی پاکیان لێدەدا دەزانن ئێستا چی دەکەن....! ئەوانەی خێزاندارن لەو وولاتانەی بیمەی بێکاری وەردەگرن بەرەسمی لە هاوسەرەکانیان جیا بونەتەوە و یارمەتی مانگانەکانیان خستۆتە سەر ژنەکانیان و خۆشیان چونەتەوە کوردستان تا لە وەزیفەیەکدا تەعین بن و پارە زۆرەکەی وولات بدزن و جێ لەو هەموو گەنج و لاوە دەرچوی زانکۆو بێکارەش بگرن، وواتە پارەی ئێرە و ئەوێش دەخۆن، لە هەموشی سەیرتر و بە پەنگ بوون ناو بە ناو کە دێنەوە دەبێت بە دزیەوە بچنەوە ماڵی خۆیان و بە دزیەوە دەست بهێنن بەسەر منداڵەکانیاندا و بە دزیەوە بچنە باخەڵی حەلاڵی هاوسەرەکانیانەوە، ئەوانە جارێکی تر لە حەیاچونێکی باوك سالاریدا زۆڵم لە ئافرەتان دەکەنەوە و بە تەنیا جێیان دێڵن و بەرپرسیاری و لێپرسراویەتی کۆمەڵێك منداڵ بەسەر هاوسەرەکانیاندا جێدێڵن لە دنیای نامۆیی و بێکەسیدا، ئیتر منداڵ چۆن گەورە دەبێ و چی دەکات و چۆن توشی کێشەکانی دنیای هەندەران دەبێ و چۆن وون دەبێ هەمووی دەگۆڕنەوە بە پارچە زەویەك یان بڕێك دۆلاری ناو کوردوستان، دەستان خۆش دەسەڵاتدارانی وولات بۆ خۆتان و پلانتان ئێوەش دەستان خۆش بە هەڵوێستە دەم هەراشەکانی هەندەران، بەتایبەت ئەوانەی لافی رۆشنبیری و خەبات و پاکیتان لێدەدا ، دەکرا بە لیست ناوی ئەوانە بنوسم لە زۆربەی وولاتەکانی دەرەوەن و عەیب ە عاریان بەسەر خۆیان و میللەتی کوردا هێناوە بەلاّم لای خەڵکە بە هەڵوێستە راستەقینەکان هەریەکە لە سنوری خۆیەوە دەیان ناسێ و ناویان دەزانێت، ئاخر دەسەڵاتداران زۆر لەوانەی هاتونەتەوە چ زانستێکیان بۆ کوردستان هێناوەتەوە شەهادەی کامیان هێندەی بەرماڵێکە، ئاخر زۆریان پیر و پەك کەوتەن ساڵانێکی زۆرە خانە نشینن، بۆ جێی لاوێکی کوردستانیان پێدەگرن ، گەر تیایاندا هەیە و دەتانەوێ قەرەبووی زیان و خەباتێکی بۆ بکەنەوە بیکەنە یاسا و بڕیارێك و بە جۆرێکی تر خزمەتیان بکەن، ئاخر ویژدانتان هەبێ و هەزاران خەباتگێڕی ماندوی بە هەڵوێست فەرامۆش مەکەن خەڵکی ماندوو زۆرە و نایەوێت دەستی دز و جەردە ماچ بکات، تکاتان لێ دەکەین ئەو خێزانانەی هەندەران کوردن.. کورد نوێنەری میللەتێکن بە رێزەوە لە نێو میللەتەکانی تردا سەیر دەکرێن لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆتاندا فێری بێ حورمەتیان مەکەن، بەو جۆرە ئاشبەتاڵ بە کوردە بە هەڵوێستەکانی هەندەران مەکەن، رۆڵتان لە بیناکردنەوەی کەسایەتی دروستی کوردیدا هەبێت نەك فێری ماستاوچێتی و تەماع و مل کەچکردنیان بکەن .خەڵکانی بە هەڵوێست بنوسن لە دنیای ئازادی دەرەوەدا و پەردە لەسەر رەوشتی ئەوانە لادەن کە کورد لە دەرەوە بێ حورمەت دەکەن .